مەندەڵاوی ناوی ئەو ئەندامانە بڵاودەکاتەوە کە ئامادەیی دانیشتنی پەرلەمان نەبوون

ئەمە سەشەمە، بەهۆی نەبوونی نیسابی یاساییەوە ئەنجومەنی نوێنەران بریاریدا دانیشتنەکانی دوابخات،جەگری سەرۆکی پەرلەمانیش فەرمانیکرد ناوی ئەو پەرلەمانتارانە بڵاوبکرێنەوە کە ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون.

فەرمانگەی راگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە راگەیندراوەکدا بڵاویکردەوە "ئەنجوومەنی نوێنەران بەهۆی نەبوونی نیسابی یاساییەوە دانیشتنەکەی دواخست".

جەگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان، موحسین مەندەلاوی، فەرمانگەی ڕاگەیاندن و پەرلەمانی ئاڕاستە کرد، ناوی ئەو ئەندامانەی پەرلەمان بڵاوبکەنەوە کە لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەماندا ئامادەنەبوون و ڕۆژی دارایی دیاریکراو لە مووچەکانیان ببڕن.